# ڕەخساندنی هەلی کار لەبری نایەکسانی زیاتر

١٩ی سەپتەمبەر ڕۆژی هەڵبژاردنە. ئێمە دەمانەوێت سوید “وڵاتی هەل بۆ ڕەخساندن“ بێت. لێرەدا دەبێت هەموو کەسێک بەبێ ڕەچاوکردنی پێشینەی، دەرفەتی بۆ بڕەخسێت تاوەکو گەشە بکاتو زانیاری لەبارەی بەرپرسیارێتی خۆیەوە بەدەست بهێنێت. ئەمڕۆ ئەو شتە بەو شێوەیە نییە. نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا لە زیادبووندایە.

ئێمە دەمانەوێت ئاڕاستەی ئەو گەشەکردنە بگۆڕینو بە پەیداکردنی جیگای کاری زیاترو ڕەخساندنی هەلی زیاتر _ بە دژایەتی کردنی بێکاریی‌و نایەکسانییەوە، بچینە نێو هەڵبژاردنەوە. هەموو سەعاتێکی کارکردن، بۆ ڕەخساندنی هەل بۆ مرۆڤەکان و بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و بۆ ئابووری سویدو گەشەکردنیشی گرنگە.

سوید لەبەردەم دووڕیانێکدایە: بەوەی ئایە دەرگای زیاتر دابخرێتو نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکان زیاد بکات؟ یاوەکو ئێمە بە هەموومانەوە وڵاتی ڕەخساندنی هەل بۆ هەمووان دروست بکەین؟

*نیازمان ئامانجی باڵاترە*

سوید بەزۆر شێوە وڵاتێکی خەیاڵییە. بەڵام بێ گیروگرفتیش نییە. هێزی موونافەسە پێ بەپێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی نایەکسانی‌و بێکاریدا لە کەمبوونەوەدایە. بەڵێنەکانی پارتە ڕاستڕەوەکان، لە بارەی دەرفەتی کاری زیاتر و کەمکردنەوەی کەوتنە پەراوێزی خەڵکی، بەپێچەوانە دەرچوو. ئێمە هەنوکە ئەو شتە دەبینین. ڕێژەی بێکاری لەنێو لاوانی سویددا، یەکێکە لە بەرزترین ڕێژە لە نێو وڵاتانی ئەوروپادا.

ئێمە دەمانەوێت ئەو گەشەکردنە وەرچەرخێنین. وڵاتێکی بچکۆلەی وەکو سوید پێویستی بە پیشەسازیی و بازرگانییەک هەیە، کە لە منافەسە کردندا بەهێزبێت، ژێرخانێک کاری پێ بکرێت کە ئازادیی هەڵبژاردن لە بازاڕی خانووبەرەو نیشتەجێبووندا دەستەبەر بکات. هەروەها سوید پێویستی بە تۆژینەوەو داهێنانیش هەیە، کە بۆ کارکردن خاکی تازە و دنیشتوانێکی شارەزامان بۆ ئامادە دەکات، کە زۆر خێرا دەتوانێت بەرەنگاری ململانێ تازەکان ببێتەوە.

ئێمە دەمانەوێت هانی قۆنتەراتچییەکان بدەین، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی دڵنیایی زیاتر بەوانو دابینکردنی سەرمایەی زیاتر بۆ ئەو پڕۆژانەی ترسی سەرنەکەوتنیان هەیە. ئێمە دەمانەوێت گۆڕانکارییەکانی ژینگە بکەین بەلایەنێکی باش، تاوەکو سوید لە منافەسە کردنی لەگەڵ وڵاتانی تردا، سوودی لێ وەربگرێت. هەروەها دەمانەوێت لە بواری پێشخستنی تەکنەلۆژیا، تۆژینەوەو خوێندندا سەرمایە بخەینە گەڕ. هەروەها دەمانەوێت کێشەی بیمەی دڵنیایی چارەسەر بکەین تاوەکو تۆ لەوکاتەی تووشی ناساغی دەبیت یان پێویستیت بە کارێکی نوێ دەبێت، بەخێرایی بتوانیت کارەکانت ڕایی بکەیت. ئەمەش بە سوودی هەموو لایەک دەگەڕێتەوە.

*شتەکان هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە*

ئێمە ئەو کەسانەی کە کار دەکەین، ژمارەمان زیادبکات، دەبێتە هۆی ئەوەی ئابووری گەشە بکات و ئەوکاتەش دەتوانین پەرە بە بوارەکانی خوێندن و تەندروستی بدەین. سەرکەوتنی تۆ یان من، دەستکەوتێکە بۆ هەر هەموومان. لەبەرئەوە هەموو سەعاتێکی کارکردن گرنگەو کاری تەواویش ئامانجی سیاسەتی ئابووریی ئێمەیە. ئێمە خۆشگوزەرانییەکمان دەوێت لە ئاستی جیهانییدا بێت. ئەوەش پێویستی بەوەیە خەڵکێکی زۆر لەبەر کاردا بن و ئابوورییەکی بەهێزیش هەبێت. ئەوەش پێویستی بەمامۆستای خاوەن باوەڕنامەی باش، پسپۆری کارامە و دکتۆرێک هەیە، کە دەستت پێیان بگات. بەو شێوەیە کارو خۆشگوزەرانی دەچنە نێو یەکترییەوە.

قوتابخانە، چاودێریی تەندروستی و پەرستیاریی، دەبێت لە ئاستێکی باڵادا خۆیان ڕابگرن، بەپێی پێویستییەکان پێشکەش بکرێن و بە هەمان مەرج پێشکەش بە هەموو کەسێک بکرێن، جا ئەو مرۆڤە لە هەر جێگایەکیشدا بژێت یان موچەکەی هەرچەندێک بێت.

بەر لە ١٩ی سەبتەمبەر، یان لە هەمان ڕۆژدا، دەنگ بە سۆسیال دیموکرات بدە.

Sydkurdiska

ڕەخساندنی هەلی کار لەبری نایەکسانی زیاتر

١٩ی سەپتەمبەر ڕۆژی هەڵبژاردنە. ئێمە دەمانەوێت سوید “وڵاتی هەل بۆ ڕەخساندن“ بێت. لێرەدا دەبێت هەموو کەسێک بەبێ ڕەچاوکردنی پێشینەی، دەرفەتی بۆ بڕەخسێت تاوەکو گەشە بکاتو زانیاری لەبارەی بەرپرسیارێتی خۆیەوە بەدەست بهێنێت. ئەمڕۆ ئەو شتە بەو شێوەیە نییە. نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا لە زیادبووندایە.

ئێمە دەمانەوێت ئاڕاستەی ئەو گەشەکردنە بگۆڕینو بە پەیداکردنی جیگای کاری زیاترو ڕەخساندنی هەلی زیاتر _ بە دژایەتی کردنی بێکاریی‌و نایەکسانییەوە، بچینە نێو هەڵبژاردنەوە. هەموو سەعاتێکی کارکردن، بۆ ڕەخساندنی هەل بۆ مرۆڤەکان و بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و بۆ ئابووری سویدو گەشەکردنیشی گرنگە.

سوید لەبەردەم دووڕیانێکدایە: بەوەی ئایە دەرگای زیاتر دابخرێتو نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکان زیاد بکات؟ یاوەکو ئێمە بە هەموومانەوە وڵاتی ڕەخساندنی هەل بۆ هەمووان دروست بکەین؟

نیازمان ئامانجی باڵاترە

سوید بەزۆر شێوە وڵاتێکی خەیاڵییە. بەڵام بێ گیروگرفتیش نییە. هێزی موونافەسە پێ بەپێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی نایەکسانی‌و بێکاریدا لە کەمبوونەوەدایە. بەڵێنەکانی پارتە ڕاستڕەوەکان، لە بارەی دەرفەتی کاری زیاتر و کەمکردنەوەی کەوتنە پەراوێزی خەڵکی، بەپێچەوانە دەرچوو. ئێمە هەنوکە ئەو شتە دەبینین. ڕێژەی بێکاری لەنێو لاوانی سویددا، یەکێکە لە بەرزترین ڕێژە لە نێو وڵاتانی ئەوروپادا.

ئێمە دەمانەوێت ئەو گەشەکردنە وەرچەرخێنین. وڵاتێکی بچکۆلەی وەکو سوید پێویستی بە پیشەسازیی و بازرگانییەک هەیە، کە لە منافەسە کردندا بەهێزبێت، ژێرخانێک کاری پێ بکرێت کە ئازادیی هەڵبژاردن لە بازاڕی خانووبەرەو نیشتەجێبووندا دەستەبەر بکات. هەروەها سوید پێویستی بە تۆژینەوەو داهێنانیش هەیە، کە بۆ کارکردن خاکی تازە و دنیشتوانێکی شارەزامان بۆ ئامادە دەکات، کە زۆر خێرا دەتوانێت بەرەنگاری ململانێ تازەکان ببێتەوە.

ئێمە دەمانەوێت هانی قۆنتەراتچییەکان بدەین، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی دڵنیایی زیاتر بەوانو دابینکردنی سەرمایەی زیاتر بۆ ئەو پڕۆژانەی ترسی سەرنەکەوتنیان هەیە. ئێمە دەمانەوێت گۆڕانکارییەکانی ژینگە بکەین بەلایەنێکی باش، تاوەکو سوید لە منافەسە کردنی لەگەڵ وڵاتانی تردا، سوودی لێ وەربگرێت. هەروەها دەمانەوێت لە بواری پێشخستنی تەکنەلۆژیا، تۆژینەوەو خوێندندا سەرمایە بخەینە گەڕ. هەروەها دەمانەوێت کێشەی بیمەی دڵنیایی چارەسەر بکەین تاوەکو تۆ لەوکاتەی تووشی ناساغی دەبیت یان پێویستیت بە کارێکی نوێ دەبێت، بەخێرایی بتوانیت کارەکانت ڕایی بکەیت. ئەمەش بە سوودی هەموو لایەک دەگەڕێتەوە.

شتەکان هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە

ئێمە ئەو کەسانەی کە کار دەکەین، ژمارەمان زیادبکات، دەبێتە هۆی ئەوەی ئابووری گەشە بکات و ئەوکاتەش دەتوانین پەرە بە بوارەکانی خوێندن و تەندروستی بدەین. سەرکەوتنی تۆ یان من، دەستکەوتێکە بۆ هەر هەموومان. لەبەرئەوە هەموو سەعاتێکی کارکردن گرنگەو کاری تەواویش ئامانجی سیاسەتی ئابووریی ئێمەیە. ئێمە خۆشگوزەرانییەکمان دەوێت لە ئاستی جیهانییدا بێت. ئەوەش پێویستی بەوەیە خەڵکێکی زۆر لەبەر کاردا بن و ئابوورییەکی بەهێزیش هەبێت. ئەوەش پێویستی بەمامۆستای خاوەن باوەڕنامەی باش، پسپۆری کارامە و دکتۆرێک هەیە، کە دەستت پێیان بگات. بەو شێوەیە کارو خۆشگوزەرانی دەچنە نێو یەکترییەوە.

قوتابخانە، چاودێریی تەندروستی و پەرستیاریی، دەبێت لە ئاستێکی باڵادا خۆیان ڕابگرن، بەپێی پێویستییەکان پێشکەش بکرێن و بە هەمان مەرج پێشکەش بە هەموو کەسێک بکرێن، جا ئەو مرۆڤە لە هەر جێگایەکیشدا بژێت یان موچەکەی هەرچەندێک بێت.

بەر لە ١٩ی سەبتەمبەر، یان لە هەمان ڕۆژدا، دەنگ بە سۆسیال دیموکرات بدە.

*بەر لە ١٩ی سەبتەمبەر یان لە هەمان ڕۆژدا دەنگ بدە.*

١٩ی سەبتەمبەر ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەنجومەنی شارەوانییەکانو ئەنجومەنی هەرێمەکانە.

*ئایا تۆ مافی دەنگدانت هەیە؟*

- بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، مافی دەنگدانت هەبێت پێویستە هاوڵاتییەکی سویدیی بیت، دواترین کاتیش، ڕۆژی هەڵبژاردنە و دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵت پڕ کردبێتەوە یاخود جارێک وەکو هاوڵاتییەکی سویدیی ناونووس کرابیت.

- ئەگەر تۆ هاوڵاتیی یەکێک لە وڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا، ئایسلاند یان نەرویج بیتو وەک دانیشتوانێکی سویدیی ناونووس کرابیت، بۆت هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکاندا، دەنگ بدەیت.

- ئەگەر تۆ هاوڵاتیی وڵاتێکی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا بیتو بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ماوەی سێ ساڵی دوابەدوای یەک، وەکو دانیشتوانێکی سویدیی ناونووس کرابیت، بۆت هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکان دەنگ بدەیت.

- هەموو ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دواترین کات لە ڕۆژی ٣١ی ئاب، لە ڕێگای پۆستەوە کارتی دەنگدانیان بەدەست دەگات. کارتی دەنگدانی ئێوە بە ئێوە دەڵێت کە لە کوێدا دەتوانن دەنگی خۆتان بخەنە سندۆق. ئەگەر کارتی دەنگدانت بەدەست نەگەیشتبێت، یان ونت کردبێت، دەتوانیت لە شارەوانی یان لە بەڕێوبەرایەتی هەڵبژاردن کارتێکی تازە وەربگریت.

> *ئێمەی سۆسیال دیموکرات سەبارەت بە دروستکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاکەمان، پێشنیازێکمان هەیە، من ناوم لێ ناوە "وڵاتی هەل بۆ ڕەخساندن". ئەمە سویدێکە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە دامەزراوە، کە "ئێمە پێکەوە بەهێزترین".*
>
> مۆنا سالین، کۆنگرەی کاری ٢٠٠٩

socialdemokraterna.se

هەر ئێستا بە سوشیال دێمۆکراتەوە پێوەندی بکەن! S لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی خۆتان زێدە لەسەر ٤ ڕەقەمی کۆتایی ژمارەی ID خۆتان (ژمارەی تاکەکەسی) بۆ ژمارەی: ٧٢١٠٥ لە فۆرماتی S yymmddxxxx دا بنێرن. خەرجیی ئەندامەتی ١٠٠ کرۆنە.

Sydkurdiska

*بەر لە ١٩ی سەبتەمبەر یان لە هەمان ڕۆژدا دەنگ بدە.*

١٩ی سەبتەمبەر ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەنجومەنی شارەوانییەکانو ئەنجومەنی هەرێمەکانە.

*ئایا تۆ مافی دەنگدانت هەیە؟*

- بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، مافی دەنگدانت هەبێت پێویستە هاوڵاتییەکی سویدیی بیت، دواترین کاتیش، ڕۆژی هەڵبژاردنە و دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵت پڕ کردبێتەوە یاخود جارێک وەکو هاوڵاتییەکی سویدیی ناونووس کرابیت.

- ئەگەر تۆ هاوڵاتیی یەکێک لە وڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا، ئایسلاند یان نەرویج بیتو وەک دانیشتوانێکی سویدیی ناونووس کرابیت، بۆت هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکاندا، دەنگ بدەیت.

- ئەگەر تۆ هاوڵاتیی وڵاتێکی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا بیتو بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ماوەی سێ ساڵی دوابەدوای یەک، وەکو دانیشتوانێکی سویدیی ناونووس کرابیت، بۆت هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکان دەنگ بدەیت.

- هەموو ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دواترین کات لە ڕۆژی ٣١ی ئاب، لە ڕێگای پۆستەوە کارتی دەنگدانیان بەدەست دەگات. کارتی دەنگدانی ئێوە بە ئێوە دەڵێت کە لە کوێدا دەتوانن دەنگی خۆتان بخەنە سندۆق. ئەگەر کارتی دەنگدانت بەدەست نەگەیشتبێت، یان ونت کردبێت، دەتوانیت لە شارەوانی یان لە بەڕێوبەرایەتی هەڵبژاردن کارتێکی تازە وەربگریت.

*ئێمەی سۆسیال دیموکرات سەبارەت بە دروستکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاکەمان، پێشنیازێکمان هەیە، من ناوم لێ ناوە "وڵاتی هەل بۆ ڕەخساندن". ئەمە سویدێکە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە دامەزراوە، کە "ئێمە پێکەوە بەهێزترین".*

مۆنا سالین، کۆنگرەی کاری ٢٠٠٩

socialdemokraterna.se

هەر ئێستا بە سوشیال دێمۆکراتەوە پێوەندی بکەن! S لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی خۆتان زێدە لەسەر ٤ ڕەقەمی کۆتایی ژمارەی ID خۆتان (ژمارەی تاکەکەسی) بۆ ژمارەی: ٧٢١٠٥ لە فۆرماتی S yymmddxxxx دا بنێرن. خەرجیی ئەندامەتی ١٠٠ کرۆنە.